# نزار ناشاد: پێم وایە ئەوانەی کەمن نووسیومن شیعرن



***نزار ناشاد نزار ناشاد شیعر بۆ کێ دەنووسێ و کێ بووە بە هەوێنی شیعرەکانی ؟**

دنیای نووسین دنیایەکی فراوانە و ناکرێت تۆ بۆ تەنها شتێیک یان بۆ تەنها کەسێک بنووسیت چونکە بەبۆچوونی من ئەگەر شاعیرێک بۆ تەناها کەسێک بنووسێت ئەوا پێویستی بەوە ناکات شیعرەکانی لەدووتوێی نامیلکەیەکدا بڵاوبکاتەوە و بیخاتە بەردەستی خوێنەرانی شیعر، هەربۆیە من دەمەوێت بڵێم نزار ناشاد بەتەنها شیعربۆ کەسێک نانووسێت چونکە لەحزەی نووسین هەندیک جار ئەو لەحزەیەیە کەمرۆڤ بێزارە بەدەست خۆشیەوە، هەموو شتێکی جوان هەموو هەستێکی پاک هەموو میهرەبانیەک دەتوانێت والە مرۆڤ بکاتە کەبنووسێت چونکە شیعر نزیکترین ژانەری ئەدەبە لەهەستەوە، ڕوونتر بڵێم من بۆخۆم هەموو ئەوشتانەی کەشیاوی ئەوەبن کەبۆیان بنووسرێت شیعرم بۆ نووسیوون بەلاَم لە پێش هەموویانە عەشق و خۆشەویستی کەلەلای من جوانترین جوانینن و هەرگیز پێناسە ناکرێن هەروەکو شیعر خۆی .

***ڕات چیە بەرامبەر ئەو کەسانەی خۆت ئاسا شیعر دەنووسن بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشاعیریان نازانن؟**

بەداخەوە لەوڵاَتی ئێمە لەهەمووشتەکاندا هەرکەسێک دەیەوێت هەربۆخۆی بێت و بەس دەیەوێت هەموو شتەکان ئی خۆی بن، کەئەمە لەناو شاعیرانی ئەمرۆ زۆربەڕوونی دیارەو ڕەنگی داوەتەوە هەربۆیە شاعیرێک ئامادەنیە بەمن بڵێت تۆ شاعیریت چونکە ئەو دەیەوێت ئەو ناوە تەنها بەخۆی بوترێت، مەهزەلەکە ئەوەیە کە ئەو کەسەی بەمن و بەو کەسانەی کەهاوشێوەی منن دەڵێت تۆ شاعیرنیت هیچ دەقێکی نەخوێندووینەتەوەو لەدوورەوە قسە لەسەر شیعرەکانمان دەکات، پاشان ئەوەی من بەشاعیرنازانێت یان هەرکەسێکی هاوشێوەی من، ئەوکەسە خۆی چیە ئایا خۆی شاعیرە؟ ئاخر ئەو بەچ پێوەرێک شیعرەکانی ئێمە دەپێوێت تا بەشاعیرمان نەزانێت لەکاتێکدا شیعر بێ‌ی پێناسەو بێ سنوورەو هەرکەسێکیش پێناسەی بکات ئەوا شیعر لەچوارچێوەیەکدا زیندانی دەکات .

***مەرجە هەموو شاعیرێک چەند نامیلکەیەکی هەبێت بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕابکێشێت؟**

شاعیر تائەو ساتەی شیعرەکانی بڵاَونەکاتەوە ئەو شیعرانە مولکی خۆیەتی بەڵاَم دوای بڵاَوکردنەوەی لەموولکی خۆی دەردەچێت و دەبێتە موولکی خەڵکی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە دەبێت هەموو شاعیرێک نامیلکەیەک یان چەند نامیلکەیەکی هەبێت، بەلاَم بەبۆچوونی من بڵاوکردنەوەی نامیلکەی شیعری یان هەرکارێکی تر هەرنووسینێکی تر کارێکی باشە .

***شیعرەکانی خۆت لەچ ئاستێکدا دەبینی و تاچەند حەق بەشیعرەکانی خۆت دەدەیت بەدوور لەڕای خوێنەر؟**

ئەو کاتەی من دەقێک دەنووسم دەڵێم شیعرم نووسیووە چونکە بەشیعری دەزانم، دەقیش باش و خراپی نیە یان شیعرە یان شیعر نیە بەڵام من شیعر دەنووسم پێم وایە ئەوانەی کەمن نووسیومن شیعرن چونکە شیعریش هەندێک تایبەت مەندی خۆی هەیە و منیش هەموو ئەو تایبەت مەندیانەم لەشیعرەکانمدا کۆکردۆتەوە لەگەڵ ئەوەشدا منیش کەمووکوڕیم هەیە، ڕەنگە نەمتوانیبێ وەکو پێویست شیعر بۆ خەمێک یان کارەساتێک یان هەرشتێکی دی بنووسم بەڵام پێم وایە ئەوانەی من نووسیومن شیعرن .

***ڕات چیە بەرامبەر ئەو لێشاوە شیعرییەی ئەمڕۆ لەناو گەنجاندا سەری هەڵداوە؟**

ئەولێشاوە شیعرییەی ئەمڕۆ لەناو گەنجاندا سەری هەڵداوە شتێکی تازە نیە و لەزۆربەی وڵاتانی تردا بوونی هەیە و پێم وایە هیچ زەرەرێک بەشیعرو بەزمان و ئەدەبی کوردی ناگەیەنێت چونکە زەمەن لەتێپەڕینی خۆیدا دەریدەخات کێ دەمێنێتەوەو کێ شاعیرە بەڵام ئەوەی جێیگای ڕەخنەیە لای من ئەوەیە کەزۆرێک لەگەنجان نووسینەکانیان ناچێتە خانەی شیعرەوە و جگەلەنامەیەکی دڵداری یان کەفو کوڵێکی عاشقانەی خۆی یان دەردەدڵێک هیچی ترنیە هەربۆیە ناکرێت وەک شیعر ناوییان بێین، بەڵام لەوە باشترە کەخەریکی کارێکی ناشیاوی مراهیقانەی تر بێت.

***دواپەیڤت چییە؟**

سوپاس بۆ ڕۆژنامەی (ڕۆژی گەل )و بۆئەم دەرفەتە بەهیوای بەرەو پێشچوونی زیاتر .

سازدانی/ بەهار ئەنوەر

# هێمن سەڵاح و پارچەێک موزیکی نوێ



هێمن سە لاح لەلێدوانێکی بۆپەیامنێری ڕۆژی گەل ڕایگەیاند؛ ئێستاپارچەێک موسیقایێکم ئامادەیە بەناوی(یاد)کەدابەشکردن وئامادەکردنی خۆم وبەیارسەلیم ومحەمەد یاسینە، ئێستاکاری موسیقای تەواو بووە سەرقالی کلیپ کردنی ئەم بەرهەمەم کە کاری کلیپەکەی کوردستان تی ڤی دەیکات. ئەمە بۆیەکەم جارە کەئەم کارە دەکەم وبەنیازم کلێپی بۆبکەم . هەروەها وتی؛ بیرم لەوەکردوەتەوە کەوەک ئەلبۆمێکی تایبەت بەموسیقا ئامادەی بکەم بەڵام کاری زۆری دەوێت لە لایەن (ئاکۆعومەر) لە ستۆدیۆی میلۆدی کاری دەنگی بۆکراوەو موسیقا ژەنەکان بریتین لەکاروانی عوود وبەیارسەلیم محەمەد یاسین. هەروەها وتیشی پێوستە حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتگیری ئەو کەسانە بکات کە بۆ یەکەمجار دەیانەوێت بێنە مەیدانی هونەرو دنیای ڕاگەیاندنەوە ،

هەروەها لەکۆتایی وتەکانی زۆر سوپاسی ڕۆژنامەی (ڕۆژی گەل)ی کردوو هیوای سەرکەوتی زیاتری بۆ کرد،

# شەرو پێکدادان لەکۆبوونەوەێکی هونەری

بەگوێرەی سەرچاوەی هەواڵ، ڕۆژی١٢-٧-٢٠٠٧-لە کۆبوونەوەێکی هونەرمەندان بۆداکۆکی کردن لەمافی هونەرمەندان وئەو گەندەڵیەی کەوەزارەتی ڕۆشنبیری و وەزارەتەکانی تری گرتوەتەوە کە هەریەک لەهونەرمەندان باسیان لەکێشەو گرفتەکانی هونەرمەندان کرد. یەکێک لە ئامادەبوان کەناوی(س-ک) وتی ئەم گەندەڵیە هەمووی مامۆستا هەڵکەوت زاهیردروستی دەکات ،دەستی کرد بە شعاردان ووتی (بروخێت هەڵکەوت زاهیر)، لەبەرانبەردا ڕاگەیاندنەکانیشی بەوە تاوانبار کرد کە ئەوانیش گەندەڵن، دوای ئەو وتانەی ناوبراو ، ڕۆژنامەنووس زانادزەیی چووە سەر مەسرەح ووتی؛ کە ئەوە ئێوەن کە گەندەڵن و گەندەڵیتان دروست کردوە، بەداخەوە مامۆستا هەڵکەوت زاهیر زۆر یارمەتی هونەرمەندانی داوە کە ئێوە پێی نازانن. هەر دوابەدوای ئەو، ڕۆژنامەنووس ڕەوەند حاجی بۆ پشت گیری کردنی وتەکانی زانا دزەیی قسەی کردو وتی؛ هەندێکتان گۆرانی بێژی زەماوەندن پێوەندی بە مامۆستا هەڵکەوت زاهیرەوە نیە ئێوە خۆتان گەندەڵیتان دروست کردوە جا گەیشتوە بەوەزارەتەکان .دواتر دوای کۆبونەوەکە بەرەنگاری ئێمە بوونەوە ویستیان هێرش بکەنە سەرمان و پەلامارمان بدەن ،یەکێک لە هونەرمەندان (خ-خ) کەکۆتر بازێکە، پێمانی وت کە هەڵکەوت زاهیر گەندەڵە وئێوەش لەگەڵ ئەو گەندەڵی دەکەن.





دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی پەلکێشکردنی سەردارەکانی ئەنفالچیەکان بۆ بەردەم دادگەی عێراقی، بەشێک لە ئاغاکانی کوردستان بە ڕێزەوە ڕەوانەی هەندەران دەکرێن، نازاندرێ ئەمەش سەرچاوەی لە لێبووردنەکەی بەرەی کوردستانی گرتووە یان ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسیەکان ڕێنوێنی کردوون!!

**موستەشارێکی** ئەنفالچی بە پشتیوانی حزبەوە ئێستاش بە زمانی و ئەقڵیەتی ساڵی ١٩٨٧ دەدوێ، لە کوردستانەوە هەڕەشە بۆ ئەو کەسانە دەنێرێ کە لە ئەوروپاوە تاوان و کەتنەکانی بۆ کوردستانیان ئاشکرا دەکەن، یەکێکی دیکەش بێ باکانە لە دەرگەی دادگە دەدات و دەیەوێ پاشماوەی بنەماڵەی قوربانیەکانی دەستی خۆی ڕەوانەی زیندن بکات!!

**تەکنیکارێکی** سەر بە دەزگەیەکی دەستڕۆیشتوو لە ئیمایلێکی دۆستانەدا داوای لە ناسیاوێکی خۆی کردووە کە سەرپەرستی ماڵپەڕێکی ئینتەرنێتی دەکات، دژ بە حزب و بەرپرسەکانی بابەت بڵاو نەکاتەوە، دەنا ناچار دەبێ هاکی بکات!! ئەو بۆ دۆستەکەی ئاشکرای کردووە کە ئەوان بۆ هاککردن و تێکدانی ماڵپەڕە ئازادەکان ڕاسپێردراون!!

**زەنگێکی** ئاگاداکردنەوە لە هیومان ڕایتس وۆچەوە ڕوونکردنەوەیەکی داکۆکیکاری لێ لە دایک بوو، بەڵام ئێستاش یاسایی بوونی دەزگەکە لەژێر پرسیار ماوەتەوە، ئایا بە ڕاستی هەوڵی پاراستنی مافی مرۆڤ دەدرێ؟! ئایا شێواندنی متمانەی نێوان خەڵک و دەسەڵات، باشکردنی بارودۆخی زیندانەکان و بەکارنەهێنانی توندوتیژی ئەرکی خەڵکە یان دەستەڵات و دەزگەی ناوبراو!!

**ڕۆشنبیرێک** دەیگوت: بۆ خۆدزینەوە لە هەموو کێماسی و کەموکوڕیەکاندا بەرپرسان یەک وەڵامیان بەدەستەوەیە، ئەوەیش ڕەوشی کوردستان و عێراق و ناوچەکە ناسکەو ئەستوور نەبووە!!

# وەزارەتی ڕۆشنبیری و هەڵگورد عەبدولوەهاب

کاتێک بیستم **هەڵگورد عەبدولوەهاب** لە پۆستی بەڕێوەبەری گشتی ڕاگەیاندن لاردراوە، یەکسەر دڵم داخورپا، گومانم لە لا دروست بوو، نەک لەبەر ئەوەی شەڕی حزبەکان لە نێو دامەزراوەکانی حکومەت دا دەستی پێکردۆتەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی زەنگی پاکسازی بە پێچەوانە زرنگاوەتەوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە جیاتی هەنگاوی چاکسازی و پاکسازی لە نێو دامودەزگەکانی خۆی هەڵبگرێتەوەو کۆنە بەعسی و ماستاوچیەکان دەربکات، لە جیاتی هەوڵی دانانی کەسی شیاو لە شوێنی شیاو بدات، کەچی بەرۆکی کەسێکی دڵسۆزی وەکو هەڵگورد دەگرێ و لە پۆستەکەی دووری دەخاتەوە.

وەزارەتی ڕۆشنبیری، بە تایبەتیش خودی جەنابی وەزیر کە ڕۆشنبیر و تێکۆشەرێکی ناسراوی کوردستانە، دەبوایە لێپرسینەوەو لێکۆڵینەوەی لەو کەتنانە بکات کە ماوەیەکە بە هۆی ڕاگەیاندنەکانەوە لەنێو وەزارەتەکەیدا ئاشکرا کراون. لە نێو وەزارەتی ڕۆشنبیریدا لە جیاتی ڕووناک کردنی مێشکی خەڵک و گۆشکردنی نەوەی نوێ، لەجیاتی ڕێنوێنی و ئامۆژگاریکردنی خەڵک، کەچی لووشدان و لەفکردنی پارە بە ناوی هونەرمەندانەوە بەڕێوەچووە! هونەرمەندانیش بێ ئاگایی خۆیان لە وەرگرتنی ئەو پارانە ڕاگەیاندووە، بۆیە بەر لە دوور خستنەوەی هەڵگورد دەبوایە بەدوا داچوون بۆ ئەو کێشەیە بکرابووایە. لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو کەسانە بکرابووایە کە سیمای ڕۆشنبیریان بە ڕەشی پێشانی ڕاگەیاندن و هونەرمەندان داوە.

وەزارەتی ڕۆشنبیری وڵاتان بە ئەرکی خۆی دەزانی کە هەواڵ و زانیاری ڕاستین بە جەماوەر بگەیەنێ و شتە شاراوەکان لە قاو بدات، کەچی لە وڵاتی ئێمەدا وەزارەتی ڕۆشنبیری دەکرێتە مەکۆی ململانێی حزبایەتی، مقۆمقۆ درێژەی پێدەدرێ، تواناکان لە ملشکاندن وپاشقولگرتندا بە فیڕۆ دەدرێ!

وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ خۆی سەکۆی داکۆکیکردن لە ڕۆشنبیران، نووسەران و هونەرمەندانە، بەڵام لێرە کراوەتە مەیلخوازی حزبی، کێ دەنکۆڵەی حزبی قوت دابێ، کارەکانی بۆ ڕایی دەکرێ، وەپێش دەخرێ، ئەوانەی دیکەش با بە مانگان ڕێگەی وەزارەت بکوتنەوە هەر وەڵامیش نادرێنەوە.

من لەگەڵ ئەوەدام کە وەزارەتی ڕۆشنبیری ئاوێنەی باڵا نوێنی کۆمەڵگەی کوردەواری بێ و لە نەینۆکی حزبەوە دەموچاوەکان نەخوێنێتەوە، پێمباشە خودی وەزیری ڕۆشنبیری لەو دەنگۆو هەواڵانە بپرسێتەوە کە بەناوی ڕۆشنبیرکردنی کۆمەڵگەوە لە نێو باڵاخانە و دامەزراوی ڕۆشنبیریدا ئەنجام دراون، خوازیارم پەروەندی کەسانێک کەتا دوێنێ بۆ شێواندنی ڕۆشنبیری و کولتوری کوردستانیان لە خزمەت بەعس دابوون. هەڵبدرێتەوە، چاو بە تواناو شارەزاییان بخشێندرێتەوە، ئەوسا سەر لەنوێ کورسیەکانی ناو وەزارەت بە کەسانی شیاو، لێهاتوو، لێزان و ڕابردوو پاک پڕ بکرێتەوە.

ئیدی با وەزارەتی ڕۆشنبیری گوێ لە فەرمانەکانی حزب نەگرێ و هەموو گۆشە تاریکەکان ڕووناک بکاتەوە.

**باوکی فلاد**

ROJI GEL

Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK

Mob:07701398499 07301191497

ناونیشان: سلێمانی، گەڕەکی مشیراوا(رزگاری) نزیک گۆڕەپانی هونەر، نووسینگەی ڕۆژی گەل، ٠٥٣٢١٠٩٢٥٦

پێگەی ئینتەرنێتی
www.rpk93.org

پۆستی ئەلیکترۆنی
info@rpk93.org
rpk93@hotmail.com